بەهەشتی ئەوبەر پردەکە «نۆڤلێت»

نووسینی: ڕێبوار حەمەرەحیم

ڕانانی کتێب
ئەنوەر سوڵتانی

قورئانی کوردی

وەرگێڕانی مامۆستا هەژاری موکریانی

من دوو سێ مانگێک پێش ئێستا کاتێ تووشی ئەم کتێبە هاتم کە شەریکەیەکی ئیش و کاری تەرجەمە لە لەندەن داوای لێکردم وەری بگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی و لە ماوەی دوو هەفتەدا بۆیانی بنێرمەوە، دەرفەتەکەم قۆستەوە و «زیارەت و تیجارەت»م تێکەڵ کرد، هەم کتێبەکەم خوێندەوە و تەرجەمەم کرد، هەم بۆ یەکەم جار حەقدەستم بۆ کارێکی ئەدەبیی کوردی وەرگرت!

خوێندنەوەی دەقێک بە ئامانجی وەرگێڕان، جیاوازە لە خوێندنەوەی ئاسایی و تۆ دەبێت لە زۆر لایەنی بابەتەکە ورد ببیەوە و کە لە خوێندنەوەی ئاساییدا بۆی هەیە پێویست نەکات. من پێشتر هیچم لە ڕێبوار حەمە رەحیم نەخوێندبووەوە و هیچیشم لەسەر ژیانی نەدەزانی، تەنانەت ئێستاش مەعلوومات لەمەڕ خۆی و پێشینەی کاری هونەری و ئەدەبی گەلێک کەمە، ئەوەندە نەبێت دەزانم نووسەرێکی گەنجی باشووری کوردستانە و لە کێبەرکێی لاوان بۆ نووسینی چیرۆکی ساڵی ٢٠٠٠ لە سلێمانی، خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە.

هەر چۆنێک بێت گومان لەوە ناکرێت کە قەڵەمی ڕێبوار بەهێز و توانای پەروەردەکردنی بابەت و دەربڕینی ئەندێشەی گەلێک بەرزە و ئێمە لەگەڵ نووسەرێکی جیددیدا رووبەڕووین. بەوەی کە بڵێم ڕۆمانەکەی فەزایەکی کافکایی هەیە، نەمویستوە تاوانی چاولێکەری بدەمە پاڵ بەڵام شتێکی گومان لێنەکراوە کە ڕێبوار رەحیم ئاوی لە کانیاوی «ئێگزیستانسیالیزم» هەڵگوێستووە و پووچی و بێئامانجیی ژیان لە هەموو دێڕێکی چیرۆکەکەی دەبارێت.

پووچیی دونیای کافکا لە ئێگزیستانسیالیزمی سارتردا تەوزیحێکی فەلسەفی وەرگرت و بووە ڕێبازێکی فیکری کە لە ماوەی بەتایبەت شەستەکانی ئەم سەدەیەدا، زۆرێک لە ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوای بەرەو خۆی کێشا.

ئەوەی کە ئەم «نیهیلیزم»ە چۆن و لە کام ڕێگاوە گەیشتۆتە کوردستانی سەدەی ٢١ و بۆتە هەوێنی «بەهەشتی ئەوبەر پردەکە»، وەڵامدانەوەی هاسان نییە. ئایا جیهانی ئاڵۆز و نەناسراوی چیرۆکەکە، کۆمەڵگای کوردستانە؟ ئایا «کۆرپەڵەکان» کاریکاتێری مرۆڤی کوردن لە وڵاتێکدا کە هەر پەلێکی بە دەست عیزرائیلێکەوەیە؟ ئایا باخچە، قاعە و فەوارەی بەهەشتی ئەوبەر پردەکە، تەمسیلی جیهانێکی گەورەتر - واتە جیهانی سەرمایەداری دەکەن و کۆرپەڵەکان قوربانیانی داماوی ئەو سیستەمە جەهەننەمیەن؟ پردەکە، کام دوو جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟ خودا و خوەدانی ئەو دوو جیهانە کێن و لە کام کێبەرکێیدا ئێمەی مرۆڤیان کردۆتە قوربانی گەمە یاخود بەرژەوەندیی خۆیان؟

من نامەوێت بەم چەشنە تەفسیرانە، تامی شیرینی چیرۆکەکە لە زاری خوێنەردا تاڵ بکەم - کارێ کە محەمەد ڕەنجاو و تەنانەت شێرزاد حەسەنیش کردوویانە و ئێمە اە هەمانکاتدا بۆ تێگەیشتنی جیهانی دەروونیی ڕێبوار دەبێت منەتباریان بین. خوازیاری ئەوەش نیم کە خوێنەر مەجبور بکەم ڕووداوەکان بخاتە چوارچێوەیەکی داتاشراو و لەپێشەوە ئامادەکراوەوە. تەنانەت نامەوێت بوعدێکی فەلسەفی بە چیرۆکەکە بدەم و کۆرپەڵەکان بەموتڵەقی مرۆڤ دابنێم کە چارەنووس و ئەبەدییەتیان بە دەست دەسەڵاتی خودایانەی ژنێکەوەیە وا ڕزقیان دەدات - میوەی نێو قەرتاڵەکە - ئەوانیش دەبێت لە وەڵامدا عەبدایەتی بکەن بەبێ ئەوەی مافی پرسیارکردنیان هەبێت و هەرگیز بزانن بۆچی زیندوون، بۆ کوێ دەچن و لەوانە گرنگتر، چییان دەوێت؟

بەم تەعبیرە، پاڵەوانی چیرۆکەکە دەوری شەیتان لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا دەبینێت و قەرتاڵەمیوەی «ملکە» یا «الهە»ی چیرۆکەکە (سێو یا گەنمی ئادەم) دەڕفێنێت و لە تامی میوەکان دەچێژێت، بەتایبەت کاتێ کە تفیان دەکاتەوە و نەفرەتیان لێدەکات، پلەیەک لە «ئادەم» بوونیش دەچێتە پێشێ و دەگاتە ڕیزی شەیتان - ئەو بوونەوەرە مەزنەی وا پرسیاری لە بەردەمی مرۆڤدا قوت کردەوە، فێری چی و چۆنی کرد و بەم تاوانە گەورەیەش بوو بە قوربانی هەمیشەیی مێژوویەک کە خاوەندەسەڵات و خاوەنکتێبان دەینووسن.

بەهەشتی ئەوبەر پردەکە، ئەم شتانەیە و هیچکامیشیان نییە. نییە لەبەر ئەوەی نووسەر نایەوێت شاراوەیی «بیکر»ی بیری نێو چیرۆکەکە بە زەقییەکی سمراوی ناسراوی ئەزموونکراو بفرۆشێت و ڕازی سەربەمۆری بەهەشتە نەناسراوەکە بۆ خوێنەر یەکالا بکاتەوە - ئەوە دەعوەتێکە لەلایەن نووسەرەوە بۆ هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەی خوێنەر، منیش نامەوێت دژ بە خواستی ئەو بوەستم و هەوڵی کردنەوەی دەرگای داخراوی بۆچوونێک بدەم کە «نسبی»یە و بەگوێرەی تەبعی خوێنەری جیاواز، شێوازی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت.

چیرۆکەکە، داستانی کەسێکی بۆ خوێنەر نەناسراوە، کە لە شارێکی نەناسراودا دەچێتە ئوتێلێکی نەناسراو و لە ژوورێکی نەناسراو - وا هەر بە خەیاڵ بە ژووری خۆی دەزانێت، نیشتەجێ دەبێت. لە پیاسەکردنێکی بێ ئامانجدا، تووشی برادەرێکی کۆنی خۆی دەبێت کە کەسایەتییەکی هاوچەشنی قاچاخچیانی مرۆڤی هەیە وا لە وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە لاوان دەبەن بۆ بەهەشتی ڕۆژئاوا و لە ڕێگەی ئەو سەفەرەدا، «حەوت خوانی ڕۆستەم»یان پێدەکەن. برادەرەکەی دەیباتە سەفەرێکی نادیار کە بە بۆچوونی ئەم، دەبووایە چەند دەقیقەیەکی زیاتر نەخایاندایە، بەڵام گەلێک دوور و درێژ و پڕ مەترسییە و خۆی دەروازەیەکە بۆ گەیشتنە ناو جیهانی ناواقیعی بەهەشتێک وا دواتر دەیگاتێ.

لە ڕێگادا، هەردووک دەگەنە پردێک و ڕووبارێک کە هیچیان لە پرد و ڕووباری ئاسایی ناچێت. ئەوجا سەر لە حەوش و حەسار و کاخێکی ڕازاوە دەردێنن کە خواردنەوەی ئاوی فەوارەکانی سروشتی مرۆڤ دەگۆڕێت و دەیکاتە یەک لە هەزاران کۆرپەڵەی بە ڕووالەت مرۆڤی ئەوتۆ، کە مرۆڤایەتییان پێ نەماوە و جگە لە ئیتاعە و سەردانەواندن بۆ دەسەڵاتی زاڵ، هیچی تر نازانن.

دەسەڵات، خۆی لە بیچمی ژنێکی جواندا دەنوێنێت کە قەرتاڵەیەک میوەی بە دەستەوەیە و بەسەر جەماوەری خۆیدا دادەبەشێت. پاڵەوانی چیرۆکەکە، پێش ئەوەی ببێت بە یەکێ لەو کۆرپەڵانە، کەڵک لە دەرفەتێک دەبینێت، قەرتاڵەی ژنە - وەک قەڵەمی «سیزیف»، دەڕفێنێت، دەرگای بەهەشتەکە دەکاتەوە و هەڵدێت.

ڕاستەقینەی بەهەشتەکە، تەنیا لەناو بەهەشتەکە خۆیدا واتای هەیە لەبەر ئەوەی میوەی نێو قەرتاڵەکە بە هاتنە دەرەوە بۆگەن دەبن و لە بەرانبەر هەوای ساغ و ناژەهراویی دەرەوەدا خۆ ڕاناگرن. چارەنووسی کۆرپەڵەکان و هەوڵیان بۆ پاراستنی بارودۆخی گەندەڵی نێو بەهەشتەکە، ئەو پرسیارە لەبەر دەم خوێنەردا قوت دەکاتەوە کە چۆن قوربانیانی بارودۆخێکی نامرۆڤانە، دەتوانن ببنە پارێزگار و داکۆکیکەرێکی دەمارگیر بۆ وەدیهێنەران و پاسەوانانی هەمان دامەزراوەی دژدار. ئایا ئەوە چارەنووسی مرۆڤە بە گشتی؟ ئایا تایبەتە بە کۆمەڵگایەک و سیستەمێکی تایبەت؟ نووسەر وەڵامی ئەو پرسیارەش بۆ خوێنەر بە جێ دەهێڵێت.

بە «ڕێبوارڕەحیم» کورد بۆتە خاوەنی چیرۆک نووسێکی بە بەهرە و من لە ڕووخساریدا سەرکەوتوویەکی گەورە بۆ دواڕۆژی چیرۆکی کوردی دەبینم.

ڕێبوار حەمە رەحیم، «بەهەشتی ئەوبەر پردەکە»، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ٧٤ لاپەڕە.

نون و القلم و مایسطرون
نوون، سۆند وەبنووس، بەوەش کە دێتە نڤیسین

وا هەزار و چوارسەد ساڵ دوای ئەوەی عوسمانی کوڕی عەففان قورئانی کۆکردەوە، کتێبی پیرۆزی موسوڵمانان وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و ئیتر کوردی موسوڵمانیش وەک پاشماوەی گەلانی موسوڵمان، کتێبی ئایینیی خۆی بە زمانی نەتەوایەتی دەخوێنێتەوە و بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکی پەنا دەباتە بەر زمانی زگماک.

ئیعجازێکی کتێبی پیرۆزی موسوڵمانان بێگومان کەلامی ڕازاوە و زمانی فەسیح و بەیانی سەجعداریەتی، بە شێوەیەک کە کەمتر تەرجەمەیەکی قورئان تەنانەت سەرکەوتووترینیشیان توانیویەتی لە بواری ناسکی و ڕازاوەیی زماندا لەو قوللەیە نزیک ببێتەوە. نە تەرجەمەی ئینگلیزیی «ریچارد بێل»، نە تەرجەمەی فرەنسیی «بلاشێر»، نە تەرجەمەی ئاڵمانیی «ڕوود پارت» و نە دەیان تەرجەمەی فارسیی قورئان نەیانتوانیوە ئەسپی قەڵەم لەم گۆڕەپانەدا ڕادەن - گەرچی تەرجەمەی ئاڵمانیی «رۆد کرد» وا هەیە «استثناء»ێکی ئەم قاعیدە گشتییە بێت.(١)

لە بواریکی وا بەرتەنگ و بارودۆخێکی وەها ئەستەمدا، ئایا دەبێت وەزعی زمانی یاساخکراوی کورد بە دەیان لەهجە و بنلەهجەوە چۆن بێت و کوردێک چۆن دەتوانێت ببێتە شاسواری مەیدانێکی هەناسەبڕی ئەوتۆ؟ کێ دەتوانێت ڕێگای ١٤ سەدە ببڕێت و بۆشایی ساڵیان پڕ بکاتەوە؟

هەرچۆنێک بێت، وا ئەم ڕچەیە شکا(٢) و گۆڕەپانی کێبەرکێ، شۆڕەسوارێکی کوردیشی بە خۆیەوە بینی - ئەویش چ شۆڕەسوارێک! مامۆستای نەمر «هەژاری موکریانی» کە پێشتر توانای قەڵەمی خۆی لە وەرگێڕانی شەرەفنامە و هەندێ دەقی دیکەی عەرەبی و کوردیدا بە تاقی کردبووەوە، دوای وەرگێڕانی «مێژووی ئەردەڵان»ی مەستوورەی کوردستانی،(٣) لە دوامین ساڵەکانی ژیانیدا، لەسەر داوای هەندێ دۆست و نزیکی خۆی دەستی دایە بەر کارێک کە هەر لە خۆی دەوەشایەوە و لە ماوەی کەمتر لە نۆ مانگی ساڵی ١٩٩١دا، سەرجەمی ٣٠ جزئی قورئانی وەرگێڕایە سەر «زمانی یەکگرتووی کوردی». کاتێک دەڵێم زمانی یەکگرتوو، چاوم لەو هەوڵە بێسنوورەیە کە مامۆستا لە مەودای تەرجەمەی خۆیدا بۆ کەڵکوەرگرتن لە وشە و زاراوەی هەموو زاراوە کوردییەکان لە باشوورەوە تا باکووری داوە و هەموویانی لە تیانەیەکدا تواندۆتەوە بۆ ئەوەی بیانکاتە کەرەسەی کاری خۆی و بۆ وەرگێڕانی زمانی قورس و قایمی قورئان سوودیان لێ ببینێت:

«وەناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە * سوپاس بۆ خوا کە ڕاهێنەری جیهانە * دەهندەیە و دلۆڤانە * خاوەنی ڕۆژی پەسڵانە * ئێمە هەر تۆ دەپەرستین و پشت هەر بە تۆ دەبەستین * لە ڕاستەڕێ شارەزان کە * ڕێ ئەوانەی کە خۆت چاکەت دەگەڵ کردن، نەک ئەوانەی کە وەبەر تووڕەیی کەوتوون، نە ئەوانەش کە لاڕێ بوون» (سورە الفاتحە).

ئەگەر قورئان بۆ موسوڵمانان پیرۆزایەتیی ئایینی هەیە، بۆ عەرەب لە ڕووانگەیەکی دیکەشەوە پیرۆزە: قورئان ئەستوندەکی زمانی نەتەوایەتیانە و بەم بۆنەیەوە پیرۆزایەتیی دوولایەنەی هەیە. تەرجەمەی کوردیی هەژاریش بێگومان خاوەنی هەمان گرنگایەتییە بۆ کورد. لێرەدا هەژار کەڵک لە زاراوەی کرمانجیی ژوورو و زاراوە جۆربەجۆرەکانی باشوور وەک کەڵهوڕی، هەورامی و بەتایبەت ئەردەڵانی وەردەگرێت و هەموویان لەسەر زەمینەی کرمانجیی خواروودا ئاوێتەی یەک دەکات:

با سەیرێکی تەرجەمەی سوورەی «القارعە» بکەین:

ئەو دڵکوتە، دڵکوت چییە؟ * کووت زانیوە دڵکوت چییە؟ * ئەو ڕۆژە، گش ئەو مەردمە وەک پەپوولەی پڕژاو دەبن * کێوەکانیش وەک خوری شیکراو دەبن * هەرکەسێکی تای تەرازووی داهاتووە، * تووشی ژیانی خۆش بووە * هەرکەسێکیش لە کێشانە سووکی هێنا، * ئەوە



ئەنوای «هاویە»یە * کوو زانیوتە لە هاویە مەبەس چییە؟ « ئاگرێکی بەنێڵەیە (سوورەی القارعە).

هەژار لە تەرجەمەی قورئاندا هەوڵی ئافراندنی سەجع و کێشێک دەدات کە بتوانێت لە ڕۆستی کێشی قورئان بێت، ئەویش کێشی بڕگەیی شیعری کۆنی کوردی و بەتایبەت بەیتە فۆلکلۆرییەکانە. ڕازی سەرکەوتنی هەژار لە تەرجەمەکەیدا، یەکەم: کەڵکوەرگرتنە لە زاراوە جیاوازە کوردییەکان و دووەم: کێشی بڕگەیی - کە زۆرتر واهەیە لە سەجعی نێو زمانی عەرەبی قورئان نزیک بێت. با سەیری ئەم نموونەیە بکەین لە سوورەی «غافیر»:

کەلۆ! ئەمڕۆ فەرمانڕەوایی بۆ ئێوەس * لەم هەردەشا هەر ئێوە زاڵن * کەلۆ! من لەوە دڵخورتم ئەو بەلایەی بەسەر خەڵکی تر هاتووە، بەسەرتان بێ * کەلۆ! لێتان نیگەرانم لەو ڕۆژەدا لێو بقەومێ کە دەبێتە هاوار هاوار.

لە پەیوەندی کاری مامۆستا هەژار و کێشەی کورددا دەڵێم سەرنەکەوتنی کورد لە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی، شوێنی لەسەر هەموو بوارێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی گەلەکەمان داناوە. ئەگەر ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی وا ئەمڕۆ بە تانوپۆی کۆمەڵگای کورددا گەڕاوە، سەدەیەک پێش ئێستا لە ئارادا بووایە و ئەو خەباتەی وا ڕووناکبیرانی کورد لە پێناوی پەرەدان بە کولتووری گەلەکەیاندا ئێستا دەیکەن، لە سەدەی نۆزدەیەمدا بکرایە (دیارە ئەوە بە واتای چاونووقاندن لە خەباتی ڕووناکبیری تاک و تەرا نییە)، لام وایە بارودۆخی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان تووشی گۆڕانکاریی گەورە دەهات و ڕێگە بۆ کاری سیاسیی کورد خۆشتر دەبوو تا بتوانن ئاواتی دێرینەی سەربەخۆیی کورد وەدی بێنن.

بۆ نموونە، ئەگەر قورئانی تەرجەمەی هەژار لەو سەردەمانەدا بکەوتایەتە بەر دەستی مەلا و فەقێ و میرزا و تەنانەت بەیتوێژ و گۆرانیچڕی کورد، زمانی کوردی نەک هەر پەرەی دەسەند بەڵکوو بە هۆی پیرۆزایەتیی دەقەکەوە قەڵغانێکی بە متمانەی بۆ دروست دەبوو کە لە شەڕی ناحەزان و دوژمنانی دەپاراست.

ئەمڕۆش لە گوندەکانی کوردستان کەم نین مەلا و حافزی قورئان خوێن، کە بەیتی کوردی دەچڕن و تەنانەت من خۆم مەلام بینووە لە مەجلیسی سەرەخۆشی و دانیشتنی مزگەوتدا قورئانی بە لەحنی بەیتی «لەشکری» چڕیوە. ئایا بەیتوێژەکانمان جیاوازیان لەنێوان بەیتی حەماسی دمدم و بەتی ئایینی وەک «زەمبیل فرۆش» و «محەمد حەنیفە» داناوە؟ ئایا دیوەخانی ئاغاوات و سەرەکهۆزانی کورد، کە مەیدانی بڕەوپێدانی بەیت و لاوکی کوردی بوون،

لـ٤٩